# له ١٧ی شوباتەوه (راستی) لەم وڵاته ڕۆشتووه،راگەیاندن به نمونه.!

## بەختیار مام حەمید..

**(ئەوەند هاتم بەم ڕێیەدا،ئاوی پام هات،لەم هاتی درۆی پاتەدا،تۆ هەر نەهاتی)**

لەئێوارەی ڕۆژی ١٧ی شوباتدا شاری سلیمانی،بە تایبەت بەر دەرکی سەراو جادەی مەولەوی و باخی گشتی و شەقامی سالم،شاهیدی ڕووداوێکی سەیر وه قسەهەڵگر و له ناوکاو بوون،ڕاستە ئەمە لە سایەی گەندەڵیی ئیداری و کەموکورتی سیستەمی حوکمڕانی و کەمتەرخەمییەکانی حکومەتی هەرێم و هاندان و فووتێکردن و گوێنەدانە خوێنی خەڵك و فشکردنەوەکانی ئۆپۆزسیۆندا شتێکی چاوەڕووانکراو بوو،بەڵام تێکچوونی ئاڕاستەی خۆپیشاندان و هەڵکوتانە سەر بارەگای پارتێك و وەڵامی ئەوان بە گولەو ڕژانی خوێنی لاوە بەشخوراوەکانی ئەم وڵاتە،بابەتێکی چاوەڕووان نەکراو بوو هەروەها خەڵکی سلێمانیی و کوردستانی توشی شۆك کردا!، میسر، تونس، خۆپیشاندان، بەردەرکی سەرا، خۆسوتاندن،جادەی مەولەوی،جنێوی ناشیرین و بێ مانا،باخی گشتی،لق،سوتانی جامانەی سوور،تەقەو شەهیدو خوێن و ئەمانە ئەو وشانە بوون کە بەردەوام دوپاتەو چەند پاتە دەبوونەوە!،

بەهەر حاڵ.. لەم دۆخە ناخۆش و ناسکەی کوردستاندا کە دەبوا ڕاگەیاندنی کوردی ڕۆڵی گەیەنەری هەواڵەکانیان بە ڕاستگۆیی و وەك خۆی ببینیبا،بەڵام مەخابن هەر لە ئێوارەکەیەوە زۆربەی هەرەزۆری ڕاگەیاندنەکانی ئەم وڵاتە بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و ئەهلییەوە کەتنە فروشتنی درۆ،هەواڵی ناڕاست و چەواشەکاری و بێ بنەما،لە ژمارەی خۆپیشاندەران و شەهیدەکانەوە بگرە تا ژمارەی فیشەك و بەردو مۆبلیلە شکاوەکان بە درۆ دەگوێزرایەوە،ڕاگەیاندنێك،تی ڤییەك،گۆڤارو ڕۆژنامەیەك،ماڵپەرێك،نەبوو ڕێك و ڕەوان و بێ درۆ هەواڵەکان نەقڵ بکات،

یەکێك دەیوت ١٢ کوژراوە،دانەیەکی دی دەیگوت ٢ کوژرایە،لەو لاوە ماڵپەرێك دەینووسی ژمارەی کوژراوەکان لە ٧ زیارە،کەسێك لێدوانی دەداو دەیوت ئەمانە ئاژاوەچی و سەر بە دەسەڵاتن،دوای کەمێك دەوترا ئەوانە کەسانی تێکدەرن،لەملا ترەوە هواڵی لەهەواڵی بە پەلەی تی ڤییەکدا دەنووسرا ئەوانە دزو جەردەنو ئیتر هەزارو یەك قسەی بێ سەرەو بەرە کە شەرمە ڕاگەیتندن بیانکات!،

بە هەرحاڵ ئەم ڕێبازی درۆکردنە لە ١٧ی شوباتەوە دەستی پێکردو ڕاستی و ڕاستگۆیی لەم وڵاتە باری کرد،لە ڕۆژانی دواتردا کە سەیری ڕاگەیاندنی دەسەڵاتت دەکرد وات دەزانی هەموو خۆپیشاندەران چەقۆکێش و دزو قۆڵبڕو تێکدەرن،کە سەیری ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆنت دەکرد وات بە بیردا دەهات ئەوانەی خۆپشاندان دەکەن هەموو شەریف و فریشتەو پاك و مافخوراون،وە وات دەزانی ئەوەی لە خۆپشاندان نەبێت خیانەتکارو گەندەڵ و

بەکرێگیراوە،پاشان کە سیەری ڕاگەیاندنی بە ناو ئەهلییت دەکرد ئەوە هەر قوڕبەسەریی میدیای کوردی زیاتر هەستت بە هیچ نەدەکرد،ئینجا درۆ شاخدارەکانیان لەو لاوە بوەستێت!،

ئایا بە چەواشەو درۆ خزمەتی میدیای کوردی دەکرێت؟ئایا بەخەسارتنی پەڕەو مرکەب لە درۆدا جێی هیچ دەگرێت؟ئایا ئەم مەسەلە خزمەت بە دۆزی ڕەوای کورد دەکات؟ئایا ڕاگەیاندنی کوردی بەم ڕێبازە چەپەڵە خۆپەرستییە گەلی کورد لای ڕای گشتیی جیهان جوان دەکات؟.ئایا گاڵتەکردن بە خوێنەری کورد تەنیا لە پێناو پارەو پول و ناوبانگدا کارێکی ڕەوایە؟،ئایا دەکرێت ئەم دۆخە قبوڵ بکرێت؟ئایا ئەم شێوازە لە ڕاگەیاندن ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ گەشتنی کورد بە کیانی سەربەخۆو خۆبەڕێوەبەریی ئازادانە؟ئایا درۆکردن دەتوانێت ببێتە هەنگاوێك بۆ ئازادیی گەل و جەماوەر،یان درۆ هەرچی بێت دواجار درۆیە؟.

بە داخەوە ڕاگەیاندنی کوردی لەم دۆخەدا نیشایدا کە مەبەستیان گەیاندنی زانیاری و هەواڵ و خزمەت بە خوێنەر نیە ئەوەندەی مەبەستیان گیرفانی خۆیان ڕێبازی خۆیان و ئایدۆلۆژیای خۆیانە،ئەمەش نەك گوناه بەڵکو تاوانە و پێویستە بە ناوی ئازادییەوە درۆ و دەلەسە نەفرۆشنە خەڵك،پێویستە درۆنامەو درۆڤارو درۆپەڕەکان خۆیان ویژانی خۆیان بخەنە کارو چیتر قەشمەریی کردن بە خوێنەری ڕێزداری کورد ڕەوا نەبینن،پێویستە ڕۆژنامەنووسانی کورد لە قۆناخی ڕەشنامەنوسیی دەبچن و ئەو قۆناخە وەپاش بخەن،

من نەمگەرەك زۆر درَژە بە باسەکە بدەم چونکە گرنگ گەیاندنی پەیامەکەیە ئەویش ئەوەیە پێویستە ڕاگەیاندن لە خزمەتی بینەرو بیسەرو خوێنەردا بێت،ئەگەر وا نەبێت نە دەبێتە ڕاگەیاندن و نەدەشتوانێت خزمەت بکات، (ئەگەر ڕاگەیاندنی کوردی لەدۆخێکی وەك ١٧ی شوباتدا نەتوانن ڕاستییەکان بگەیەنن،ئەی قوڕبەسەر ڕۆژی ڕەش و شەوی سپی! )

**تێبینی: ئەم باسە هەموو بڵاوکراوەکان ناگرێتەوە چونکە بە ویژدانەوە بڵاوکراوە هەبوون هاوسەنگییان پاراست و ڕاستگۆ بوون،بەڵام پێویست ناکات ناوەکانیان بوترێت چونکە خوێنەری کورد خۆیان باش ئەمە دەزانن،**

**تێبینی.ئەم بابەتە لە گۆڤاری هاودەم ژمارە ٢٦دا بڵاوبوەتەوە..**